# پرسی "ژینگە" دوا ئاکاری سیاسەتە

**هیوا عبدالله-بەلجیکا**

Hiwa.Abdullah@gmail.com

**"سیاسەتمەدارانی نەریتەکی جگە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ڕێژەی کورسیەکانیان لە پەرلەمان چاویان دنیای ئەو دیوو داهاتوو دوارۆژی نەوەکانیان نابینێ"**



دوای هەڵوەشاندنەوەی بەرەی سۆسیالیستی لە ساڵی 1990 ەکاندا، سیاسەتیش ڕێچکەی خۆی گۆڕی و ئایدیۆلۆگیە کۆنەکان و نەریتیەکان کۆتاییان پێ هات. پێش ئەو کاتە ئایدیۆلۆگیاکان ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لە دەستنیشانکردنی گەمەو پێوانە سیاسیەکاندا، بەڵام بە لەناوچونی سۆسیالیزمی بنیادنراوو، جیهانی دووجەمسەری ئایدیۆلۆگیا بوە پڕوپاگەندەیەکی نەگۆڕ و بێواتا، جگە لەوەش بان ئایدیۆلۆگی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە دەستنیشانکردنی کێشە گشتیەکان و لە سەروی بەرژەوەندی ئایدیۆلۆگیان، یەکێك لەوانەش پرسی ژینگەبوو کە وەك بەرنامەیەکی سەرەکی هاتە پێش.

ڤاسلاڤ هاڤێل کە دوای ڕمانی سۆسیالیزم و لە کۆتایی تەمەنیدا وەك گەورەترین بەرهەڵستکار لە نێوەندی ئەوروپا بوو بە سەرۆك کۆماری چەکۆسلۆڤاکیا، نەخشێکی گەورەی هەبوو لە گۆڕینی سیاسەتی نەریتەکی کە مۆری کلاسیکی سیستەمی سۆڤیەتی پێوەبوو، هاڤێل پێش هەموو شتێك دژی ئەو سیستەمە وەستا کە پێی وابوو مۆرکی سەختە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت و ناسنامەی ڕاستەقینەی خەڵك پێشێل دەکات و لە ئازادی بێبەشیان دەکات. زۆربەی زۆری ئەو سیاسەتمەدارە ڕکەبەرانەی سیستەمی کلاسیکی و جیهانی دووجەمسەری لەسەر یەك شت کۆك بوون ئەویش بریتی بوو لە "مرۆڤ بەتەنیا بەرهەمی هەلۆمەرجی دەرەکی نیە، بەڵکوو بەردەوام چاوی لە شتی باشترە و ئاوڕ لە بەرزبوونەوە دەداتەوە". هەر ئەمە بوو لە دوای ساڵانی 1990 ەکانەوە وای کرد سیاسەت لە سازێن و ژمێرکاریی و ڕێککەوتنی نهێنی ببێتە هونەری مومکین، هونەری مومکینیش لە سیاسەتی نوێی ژینگەپارێزو سەوزەکانی ئەوڕۆی جیهاندا بریتیە لەیەك شت کە هونەری چاککردنی خود و جیهانە.

ئەگەرچی پۆست مۆدێرنەکانی ئەوروپا کاریگەرییەکی زۆریان کردۆتە سەر کەمکردنەوەی ئاستی موتڵەقیەت بە شتە پۆزتیڤ و نەگەتیڤەکانیشیانەوە بەڵام یەك ئاکار بەشێوەیەکی موتڵەق تا ئێستاش هەبوونی خۆی دەپارێزێ

ئەویش "ژینگە"یە، واتە سروشت نرخێکی ڕەهای هەیە هیچ کەس ناتوانێ ئەو نرخە کەم بکاتەوەو هەرچۆنێك بێ دەبێ بپارێزرێ.

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم پرسی ژینگە ئابوورییە، لەبەر ئەوەی ئابووری، ئابوری ناسان و سیاسەتی ئابووری بەردەوام سەرقاڵی بەرزکردنەوەی نرخ و زیادکردنی بەرهەمن جا هەرچۆنێك بێ، لە کۆتاییدا لەگەڵ ژینگە دەکەونە ناکۆکی و بەربەرەکانێ، بۆیە لە سیاسەتی ئەوڕۆی وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، ناکۆکی و بەربەرەکانێی نێوان ئابووری و ژینگە مەودایەکی زیاتری لە ناکۆکی جارانی نێوان سەرمایەدار و کرێکار، ناکۆکی چینایەتی، مەزهەبی، نەتەوەیی و...هتد گرتۆتەوە، چونکە ئەگەر پێشتر سەرمایەدار بەتەنیا ڕەنجی کرێکاری دەخوارد، ئەوڕۆ پیسبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر مۆڕاڵی سەرمایەداریش دەکات، پێشتر ئەگەر چینێکێکی کۆمەڵگە مەترسی و هەڕەشەبوو بۆ سەر چینێکی دیکەی کۆمەڵگە، ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر پێشتر ڕژێمێکی وەك هیتلر و مۆسۆلین هەڕەشەیان لە نەتەوەیەکی دیکە دەکرد، ئەمڕۆ ئۆزۆن هەڕەشە لە هەموو نەتەوەکان دەکات. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتمەداران جگە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ڕێژەی کورسیەکانیان لە پەرلەماندا زیاتر چاویان دنیای ئەو دیوو داهاتو و دوارۆژی نەوەکانیان نابینێ، ئابووری زانانیش لە دەرخستنی بەرهەمێکی تازەو کۆتایی هێنان بەبەرهەمی دوێنێ و پڕکردنی هەموو کەلێن و قوژبنەکانی جیهان لە کاڵا بەهەمان شێوە پڕکردنی گیرفانەکانیان لە پارە زیاتر چاویان هیچ شتێکی دیکە نابینێ، بۆیە ئەمڕۆ ڕەخنەی توندی ژینگەپارێزان پارتە سیاسیەکانی گۆشەگیر کردووەو، پارتە سیاسیەکانیش بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی نهێنی خۆیان لەگەڵ سەرمایەداران بشارنەوە، بڕگەیەکیان لە بەرنامەی حیزبەکانیاندا زیاد کردووە و باسی ژینگەپارێزی دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە بەس نیەو ئەوڕۆ جیهانی تەکنیکی و بازاڕە گەورەکان خۆیان بەسەر هەموو نەتەوە، پێکهاتە و وڵاتەکاندا سەپاندووە، پارتی ژینگەپارێز وەك ناچارییەك هاتۆتە مەیدانی سیاسەت. ئەگەر بەم پێیە تەماشای کێشەی ژینگە و ژینگەپارێزی بکەین و لێی وردبینەوە دەبینین کە ژینگە بەتەواوی مەودای ئایدیۆلۆگی تێنەپەڕاندووە، بەڵام بەرەیەکی گەورەی لەسەرووی هەموو ئایدیۆلۆگیاکان دامەزراندووە چونکە پرسی ژینگە پرسی هەمووانە. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی ژینگەپارێزی و ڕەخنەکانیان لە دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی کلاسیکی سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ دەوڵەتی ناوەندی ساز کردووە، ئەگەرچی لایەنگرانی دەوڵەتی ناوەندی ئەو یەکە ڕەدیشکەنەوە کە گوایە ئەوان بەرپرسی پیسکردنی ژینگە نین، لە ڕاستیدا ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە سەنترالیزم داوای دەوڵەت و ووڵاتێکی بەهێز دەکات کە بتوانێ دەست بەسەر سامانی گشتیدا بگرێ، ئەوەش بتەوێت و نەتەوێ ژینگە پەراوێز دەکات و دەیخاتە پلەیەکی نزمتر.

لەوانەیە ئەو بابەتگەلانە بەلای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتەوە تۆزێك نامۆبێ، لەوانەشە گەلێك کەس مانایەکی چەوت بە ووشەو کۆنسێپتی "ژینگە و ژینگەپارێز"ی بدەن و بڵێن ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین مرۆڤەکان سەری مرۆڤی دیکە دەبڕن و کێشەی ئێمە کێشەی نان، ئاو، کارەبا، پارەوپوڵ، ئاسایش و ...هتد. بەڵام ئەوە هیچ لە گرنگی ئەو بابەتە کەمناکاتەوە، چونکە پرسی ژینگە بە تەنیا ئەو واتاییە ووشکەی نیە کە ئێمە بۆی دەچین و پێمان وایە نابێ پێ لە گیا بنێین و نابێ دار ببڕین و گۆشت بخۆین، بەڵکوو کێشەی ژینگە بریتیە لە شێوازی ڕێزگرتنی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ هەروەها مرۆڤ و سروشت.

هەرچییەك و هەرچۆنێك دەبێت با ببێ پرسی ژینگە بۆ پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەوە دەچێت پرسێکی سەرەکی بێ بۆ داهاتوو و جێگایەکی گرنگتر لە گوتارە سیاسیەکان و هۆڵی دانیشتنەکان و پەرلەماندا ببینێ، بۆیە لەوە دەچێ سەدەی 21 مین ببێتە سەدەی دۆزی ژینگە و ڕزگارکردنی ژینگە لە پیسایی مرۆڤەکان.